

# دووربینێکی بچووک بۆ بینین لە تاریکیدا

ئەمە دەبینین سارۆخ نییە، بەڵکو دووربینێکی بچووکە بۆ بینین لە تاریکی و شەودا، دووربینی شەو یان ئەو دووربینانەی تایبەتن بۆ بینین لە تاریکیدا زیاتر لە سوپا و بواری ئەمنیدا بەکار دێت، بەڵام لە پیشانگای CESی ئەمساڵدا دووربینێکی بچووک خرایە روو تایبەتە بۆ بینین لە شەو و شوێنە تاریکەکاندا. دووربینە بچووکەکە بەپێی تین و گەرما کار دەکات وەك بەشێك لە گیانداران کە ئەو تایبەتمەندییانەیان هەیە کە گەرما تین ببینن. بەهۆی دووربینەکەوە تەنانەت ئەگەر گیانداران لە پشت گەڵاو دارانیش خۆیان حەشار دابێت دیسان دەبینرێن. دووربینەکە بە SCOUT TK ناسراوە، بەکارهێنانی زۆر ئاسانە هەر ئەوەندە بەسە رووناکی و رەنگەکە رێك بخەی و دووربینی ناوبراو بۆ هەموو شوێن و هەلومەرجێك دەبێت چونکە بە ئاو تێکناچێت و دژە بەرکەوتنە.





# چاویلکەکی سمارت تایبەت پایسکل سوار

سەردەم بەرەو بە دیجیتالی بوون دەڕوات بێگومان ئەو تەکنەلۆژیە پایسکل سواریشی گرتۆتەوە، ئێستا کۆمپیوتەر هەن کە تایبەتن بە پایسکل و زانیاری وەرزشی و چۆنییەتی رۆیشتن لەخۆیدا تۆمار دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا لەم دواییەدا چاویلکەی SOLOS بەرهەم هاتووە کە خێرایی، رێژەی سووتاندنی کالۆری، ژمارەی ئەو پێدانانەی لێدراون، هەلومەرج و سەختی رێگاکان، زانیاریەکانی تایبەت بە تەندروستی لەخۆیاندا کۆدەکەنەوە. هەموو ئەو زانیاریانەی کۆیان دەکاتەوە بۆ مۆبایلێکیان بەرێ دەکات کە پێشتر بۆی ئامادە کراوە. شاشەی چاویلکەکە لە جۆری UHD یە. شاشەی چاویلکەکە ٥ ئینجە، جگە لەوەش زانیاری وەك لێدانی دڵ، خێرایی، مەودای تا مەبەست، زەنگی پێدان لێدان، ماوەی کاتی گەیشتن تا مەبەست و زانیاریی دیکە بەهۆی بلوتوسەوە بۆ مۆبایلێکی هۆشمەند بەرێ دەکرێن.

# گالێسکەی منداڵان لە سەردەمی دیجیتالیدا

گالیسکە یان عارەبانە بە واتایەکی دیکە رەورەوە بۆ پێگرتنی منداڵ سوودێکی زۆری هەیە لە رەورەوەی دارەوە بگرە هەتا دەگاتە ئەو گالیسکە و عارەبانە نایلۆنانە هەمووی دەبێت کەسێك پاڵی پێوە بنێ، بەڵام گالیسکەی جۆری SMARTBE بەهۆی مۆتۆرێك کە بۆی دانراوە دەتوانرێت بەبێ ئەوەی کەس لێیبخورێت بەرەو پێشەوە بڕوات، تەنانەت دەتوانێت بە رێگا ناخۆش و سەراوژێر و سەرهەورازەکانیشدا بڕوات و بەبێ ئەوەی زیانێکی بۆ منداڵەکە هەبێت.. رەورەوە دیجیتالییەکە دەنوشتێتەوە، رەورەوەکە دەتوانێت هەمیشە شوشەی شیرەکەش گەرم رابگرێت ئەگەر خێرا رۆیشت یان بەم لاو ئەولادا هات ئەوە بەهۆی پەتێك کە لەدەستی دایك یان کەسی دیکە دایە دەتوانێت کۆنترۆڵ بکرێت..



# کاتژمێرێکی هۆشیارکردنەوە بە ستایلێکی جیاواز

دوای ئـەوەی کـە مۆبایـل گشـتگیر بـوو و هەمـوو کەس بـوو بەخاوەنی مۆبایلی خـۆی، کاتژمێری هۆشیارکردنەوە واتە کاتژمێری زەنگدار ئەو گرنگییەی جارانی نەما، چونکە بەکارهێنەر پێویست ناکات کاتژمێری زەنگـدار لەسـەر کاتێکـی دیاریکراو دابنێ بەڵکـو بە مۆبایلەکەی ئـەم کارە دەکات، بەڵام گەلێك جارا خەوخۆشەکان گوێ بە لێدانی زەنگی مۆبایلیش نادەن و دوای زەنگەگەکە دەخەونەوە.. ئەگـەر تـۆ یەکێکـی لەوانـەی و دەتهـەوێ لەکار و ئەرکـت دوا نەکەوی رەنگـە کاتژمێرێك کە لە شـێوەی فەرشـێکی بەرپێ دەچێت زۆر باش بێت، چونکە ئەو کاتژمێرە ئیزنت پێ نادا جارێکـی دیکـە سـەرخەوێك بشـکێنیەوە. کاتژمێری RUGGIE کاتێـك لە زەنگدان دەوەستێ کە دەبێت لەخەو هەستی و بە هەردو قاچت بۆ ماوەی سێ چرکە لەسـەر کاتژمێرەکـە بوەسـتی، دوای ئـەوەش کە نووسـتییەوە دیارە بەهیـچ کاتژمێرێکـی هۆشـیارکردنەوە لە خەوەکەت واز ناهێنی.





# پرۆگرامی تۆمارکردن و نیشاندانی خێرایی هێڵی ئینتەرنێت

هێڵەکانی ئینتەرنێت لە کوردستاندا زۆرن، زۆر لەبەکارهێنەرانی هێڵی ئینتەرنێت گلەیی ئەوە دەکەن کە زۆر زوو هێڵەکە تەواو دەبێت و گومانیان لە کۆمپانیاکان هەیە، پرۆگرامگەلێکی زۆر هەن کە ئەرکیان نیشاندان و شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی هێڵی ئینتەرنێتە، وەك خێرایی گشتی، خێرایی دانلۆد، خێرایی ئەپەلۆد..تاد. یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکان پرۆگرامی NETWOREXە ئەو پرگرامە هەموو ڕێگەکانی چوون و هاتن واتە دانلۆد و ئەپلۆد لێکدەداتەوە، توانای ئەوەی هەیە ئەگەر ڕێژەی بەکارهێنانی هێڵ گەیشتە ئەو شوێنەی بۆت دیاری کردووە، بە ئیمێل، بە زەنگی هۆشیارکردنەوە یان کوژاندنەوەی سیستەم ئاگادارت بکاتەوە.. هەروەها دەتوانی بۆی دیاری بکەی کە ڕۆژانە تەنیا ڕێژەیەکی دیاریکراو وەربگرێ لەهەمووی گرنگتر دەتوانێ دیاری بکات کە چ کەسێك لە هێڵی ئینتەرنێتی ئێوە بە نهێنی سوود وەردەگرن تەنانەت دەتوانێ شوێنەکەش دەستنیشان بکات.



# ڕۆبۆتێک هەموو ئەرکی ماڵەوە ئەنجام دەدات

لە ساڵانی ڕابردوودا ئەوکات کە قەیرانی دارایی ڕووی لەو هەرێمە نەکردبوو، بنەماڵە دەسترۆیشتووەکان کارکەری فیلیپینیان رادەگرت، ڕەنگە لە زۆربەی وڵاتانیش هەروابێت، بەڵام پێدەچێت تەکنەلۆژیای نوێ ئەم ئەرکەش بۆ ئەوان نەهێڵێت، خەڵکێکی زۆر نانبڕاو بکات، لەم دواییەدا ڕۆبۆتێکی مرۆڤ شێوە بە ناوی ATLAS بە هاوکاری بنکەی زانستی «بوستون داینامیك» بەرهەم هاتووە کە زۆربەی ئەرکەکانی ماڵەوە ئەنجام دەدات، وەك هەڵگرتنی کەلوپەلی ماڵەوە و دانانی لە شوێنی خۆی، گەسك لێدان، کۆکردنەوەی قاپ و قاچاخی سەر مێز، فڕێدانی زبڵ.. هێنانی قادرمە و چوونە سەربان..تاد ئەگەر ئەم ڕۆبۆتە گشتگیر بێت و هەموو ماڵێك هەیبێت ئیدی پێمواییە بەشێك لە پرتەو بۆڵەی خانمان کەم دەبێتەوە و منەتێکی زۆر ناکەن!



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

بەڕێزێك دەپرسێت DROPBOX چییە و چۆن دەتوانم سوودی لێوەربگرم؟

خوێنەری بەڕێز DROPBOX و GOOGLEDRIVE و SKYDRIVE و چەندین خزمەتگوزاری دیکە بۆ ئەوەن کە داتا و فایلەکانتی تێدا هەڵبگری و بۆ نموونە تۆ ئەگەر فایل و داتاکانت لە کۆمپیوتەردا یان لە فلاش میمۆری و دی ڤی دی دا هەڵبگری ڕەنگە یان تێکبچن یان لێت بزر بن.. بەڵام بەهۆی ئەو سیستەمانەی ئاماژەمان پێدان وەك درۆپ بۆکس و گوگل درایڤ.. دەتوانی فایل و داتاکانت تێیدا هەڵبگری و هەرکاتێکیش پێویستت بێ لەسەر هەر کۆمپیوتەر و مۆبایلێك داتاکانت وەربگریەوە. دروستکردنیشی زۆر ئاسانە بچۆ سەر سایتەکانیان و ئەکاونتێك بۆخۆت دروست بکە و ئەپلکەیشنێکی تایبەت دابەزێنە سەر کۆمپیوتەرەکەت و ئیدی تەواو...



# خێراترین راوتەری وایەرلەیس

لە پیشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا کۆمپانیایەك راوتەرێکی خستەڕوو کە دەکرێت بە خێراترین راوتەری وایەرلەیس دابندرێت. (راوتەر ئەو ئامێرەیە کە تۆڕێکی ئینتەرنێت دابەش دەکات بە چەند بەش).. راوتەری جۆری EA٩٥٠٠ لە تەکنەلۆژیای جۆری MU-MIMO سوود وەردەگرێت کە لەجیهاندا چەند راوتەرێك هەن لەو تەکنەلۆژییە سود وەربگرن. تەکنەلۆژیای ناوبراو خێرایی راگواستنی داتاکان هەتا ٨٠٪ خێراتر دەباتە سەرێ. بۆیە خێرایی ئەو راوتەرە نزیکەی بە ٥٤٠٠ میگابایت لە چرکەیەکدایە..

راوتەرەکە هەشت ئالێری هەیە لە یەك کاتدا دەتوانێت زیاتر لە ٦٠ کەس سوود لەو راوتەرە وەربگرن..








# دەستبەندێک بە تایبەتمەندی جیاوازە

دەستبەندەکان شوێنی کاتژمێرە دەستییەکانیان گرتۆتەوە، بەتایبەتی کە زیاتر چاودێری تەندروستی بەکارهێنەرەکەی دەکات.. زۆرجاران لەم فایلەدا باسی مەچەکبەندی هۆشمەند و تایبەتمەندییە جیاوازەکانمان کردووە، زۆربەیان ئەرکەکان لێك نزیکە.. مەچەکبەندی جۆری FEELیش یەکێکە لەمانە، ئەم مەچەکبەندە جیاوازی لەگەڵ ئەوانی دیکە زۆرە وەك بوونی ٤ هەستەوەری کە کۆنترۆڵی جەستەیی و رۆحی بەکارهێنەرەکەی دەکەن، ئەو هەستەوەرانە تێکچوونی لەناکاوی رەنگی پێست، رێژە و زەختی خوێن و گەرمیای پێست و خوێن و زۆر کرداری دیکەش دەخاتە ژێر چاودێرییەوە، لەکاتی دەرکەوتنی هەر هێمایەك کە نیشاندەری مەترسی بێت دەستبەجێ راپۆرتێك بۆ مۆبایلێکی سمارت دەنێرێ و لەوێشدا بەهۆی ئەپلکەیشنێکەوە دەزانرێت کە ئەو هێمایە مانای چییە و بەکارهێنەر دەبێ چ بکات لەمەترسییەکەی دووربکەوێتەوە.







# سایتێک بۆ نیشاندانی شوێنە سەرنج راکێشەکانی جیهان

سایتی TROVER.COM سایتێکی زۆر سادەیە، لەو سایتەدا ئەو کەسانەی کە سەردانی شوێنە پڕ مەترسی و یان شوێنە سەرنج راکێشەکانیان کردووە وێنەکانیان دادەنێن. نەك هەر وێنەی شوێنە مەترسیدارەکان بەڵکو دیمەنی شوێنە دڵگر و رازاوەکانیشی تێدایە، پڕە لە وێنەی سروشتی و دیمەنە دڵگرەکانی جیهان، لەگەڵ ئەوەشدا کورتە زانیارییەکی ئەو شوێنانە و ناوی شوێنەکان. هەموو وێنەکان لەلایەن ئەوانەی سەردانی سایتەکەیان کردووە داندراوە، تۆش دەتوانی وێنەی گەشتەکانتان بە ژێرنووسی زانیاری دروست لەو سایتەدا دابنێن. لە سایتەکەدا وێنەکان ریزبەندی کراون بەپێی جوگرافیا، لایەنی کەلتووری، یان چالاکی وەرزشی داندراون.